**بۆ وەزارەتەکانی پەروەردە و ڕۆشەنبیری لە کوردستان**
**دەزگاکانی چاپ لە کوردستان و دەرەوە**

## هەر کەس و لایەنێک دەتوانێت هاوکاری بکات: کیتابێکی فێربوونی زمانی کوردی بۆ قۆناغەکانی 0–3 چاوەڕێی هاوکاریتانە

**بەڕێزان:**

بۆ ماوەی یەک ساڵە تەواو بوومە لە نووسین و پێداچوونەوە و تاقیکردنەوەی کیتابێکی فێربوونی زمانی کوردی (زاراوەی سۆرانی) بۆ قۆناغەکانی 0–3. ئەو کیتابە دووجار لەسەر قۆتابیانی ئەو قۆناغانەم تاقیکردۆتەوە، هەروەها ئەزموونی 6 ساڵ خۆێندن لە زانکۆی مامۆستایان لە سوید تیایدا بەکارم هێناوە و دواترین تیوریەکانی فێربوونی زمانم تیایدا بەکار هێناون.جکە لەوەش سوودم لە زۆربەی ئەو پەرتووک و کیتابانە وەرگرتووە کە نووسەرانی تر یان وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن لە چاپی داون...

گەلێ هەوڵمدا ئەو پەرتووکە بە تواناکانی خۆم چاپ بکەم بەڵام بەداخەوە تاوەکوو ئێستا سەرنەکەوتووم و دەزگاکانی ڕەسمی لە سوید، ئەوەدی من بزانم و هەوڵمداوە، ئێستاکە هیچ هاوکاریەک بۆ چاپکردنی کیتاب ناکەن، هەروەها دەزگاکانی چاب لە سوید داوای نزیکەی 9000 دۆلار دەکەن بۆ چاپ کردنی 1000 کیتاب و بەندە ئەو بڕە پارەیەی نییە و ناتوانم دابین بکەم.

ئەوەی دەمەوێت تەنیا چاپکردنی ئەو پەرتووکەیە چونکە سەرکەوتنێکی باشی هێنا لە تاقیکردنەوەکان و مافی فرۆشتن دەدەمە ئەو لایەنەی چاپی دەکات.

من حەز لە پەیوەندیە کەسایەتیەکان و واستەو واستەکاری ناکەم ، بۆیە بە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە، داوا لە وەزارەتەکانی کوردستان لە هەولێر و سلێمانی و دەزگاکانی چاپ لە کوردستان و دەرەوە، هەوەها نووسەران و کەسانی تر دەکەم، ئەگەر پێیان دەکرێت ئەو کیتابە چاپ بکەن.

زۆر سوپاس
هیشام ئاکرەیی